# د.ژ.ك.شەرمەزارە لە ئاست زيندە بەچاڵ كردنى سەنيعەدا

خوليا حسێن

ئۆكتۆبير10

چەند مانگێك لـە مـەو بـەر بـە دەسـت پێشـخەرى چـەند ژنێـك كـە خۆيـان بـە بـەرپرس و پيشـرەوى ژنـانى ژێـر دەستەى كوردستان دەژمێرن ، داخوازينامەيەكيان بە ناوى "داخوازينامەى ژنى كورد" پيشكەش بە حكومـەت و پەرلـەمانى كوردسـتان كـرد، دەزگاكـانى راگەيانـدنى كوردسـتانيش بـە تايبـەتى هـەولێر، شـيرينى زۆريـان بـەم بابەتـە خـواردەوە ، سـەرۆكى حكومـوتى هـەولێريش بـەڵێنى زۆرى بـەم ژنانـەدا كـە هەرچـى لـە توانـاى خـۆى و حكومەتەكەيدا بێت بۆ بردنە پێشەوەى پرۆسەى خاڵەكانى ئەم داخوازينامەيە دريغى نەكات، پێشكەشكارانى ئەم داخوازينامەيەش كەمتەرخەم نەبوون لە بە شان و باڵدا هەڵگوتنى حكومەتى هەولێر و سەرۆكەكەى، ئەم ستايش كردنە بۆ گرتنى كۆنفرانسيك و ريگا ئاسانكردنى لەلايەن سەرۆكى حكوومەتەوە خەريك بـوو هـەر زوو ئامانجى ئەم داخوازينامەيە لـە بير داخوازيكاران بباتـەوە ، دەبێـت گـرتنى كۆنفرانسێك ئەم هـەموو ستايشـەى بۆچى بێت لـە كاتێكدا هەرچى سەروەت و سامانى كەڵەكە بووى ئەم حكومەتە هەيە لەسەر حيسابى سكى بەتاڵى خەڵكى كوردستان پێكەوە نراوە ؟

من وەك كەسێك كە خۆم بە لايەنگرى مافەكانى ژنان دەدەنێم و لەم بوارەدا چ بە تـاك و چ بە كـارى رێكخراوەيـى كـارم كـردووە و كـار دەكـەم، ريگـرى و ئـازارى زۆرم هاتۆتـە رێگـا ،لـە هـەر شـوێنيكيش تروسـكاييەك ببيـنم بـۆ رزگارى ژنان بەرەو رووى دە چم و ئەم تروسـكاييە لـە ناخمـدا رەنـگ دەداتـەوە و دڵـم پيـى دەگەشـێتەوە ، بـەڵام ئەوەى راستى بێت دڵم بەم داخوازينامەيە خۆش نەبوو! لە چەند ديرێكدا رۆشنى دەكەمەوە بۆچى ، چونكە داخوازينامـەى ژنـى كـورد خرايـە بـەردەم حكومـەتێك تـا سـەر ئێسـقانى دژى مافـە سـەرەتاييەكانى ژنانـە و بـە كردەوە سەلماندوويەتى بە هيچ شێوەيەك لەگەڵ رەوتـى رزگـاريخوازى ژنـان نايەتـەوە و لـە وەتـەى هاتۆتـە سـەر كورسـى دەسـەڵات سـەركوتى داخوازيـەكانى ژنـانى كـردووە لـە ژێـر كـەپرى دەسـەڵاتەكەى هـەولێر هـەزاران سووكايەتى بـە ژنـان كـراوە لـە بـرى قەدەغـە كردنـى ئـەو سووكايەتيانە دەزگـاى راگەيانـدن تـەرخان كـراوە بـۆ گەياندنى ئەو سووكايەتيانە بە كۆمەڵگا نەوەك خەڵەتا بن و بير لە ژيانێكى ئازاد و يەكسان بكەنەوە !

هەر لە ژێر سێبەرى ئەم حكومەتەى كە كۆنفرانسى داخوازينامـەى گێـرا ، هـەزاران ژن بوونـە قوربـانى كوشـتنى ناموسى ، تيرۆرستان و بكوژانى ئەو ژنانـەش زۆر بە ئاسايى لـە سـەر شـەقامەكانى پايتـەختى ئـەم حكومەتـە دەسووڕێنەوە !! لە خراپترين حاڵدا، ئەگەر نەيانتوانى لەم شارەدا بمێننەوە ئەوا بۆ ماوەيەكى كورت دەچنە لاى حكوموتەكەى سليمانى چونكە ئەويش پەناگايـەكى قايمـە بـۆ شـاردنەوەى ئـەو كەسانەى دەسـتيان بـە خـوێنى ژنانى ستەمديدە و تينووى ئازادى سوورە ! .

پارتى ديموكراتى كوردستان هەر لە يەكەمين هەناسەدانى لە ناو شارەكانى كوردستان بە كوشتنى سەدان ژن لە باديـنان دەستى بە پێشێلييەكانى مافەكانى ژنانى كوردستان كرد .ئەم حكومەتەى جێگاى ئوميدى ئەو ژنانەيە كە (د.ژ.ك) يان تاو تويَ كردووە ، بۆ من رۆشنايى بەخش نيە ، حكوومەتێك كە ئازاديخوازترين ژنێك كە لە ريزەكانيدا هەبوو بێت نەسرين بەروارىە كە ئەميش بە ريسـواترين شـێوەى كۆنەپەرسـتى شـووى كـرد بـە غـازى يـاوەرى سـەرۆكە تـا سـەر ئێسـقان شۆڤێنيسـتەكەى عێـراق ، ئـەم شـووكردنەى نەسـرين بـەروارى ترۆپكـى كۆنەپەرستى بەزاندووە ، شووكردن بە كۆنەپەرستێكى شۆڤێنيستى دووژنە لە شەرعيەتدان بە كۆنەپەرستى و

پیاوسالاری و به کۆیله هێشتنەوەی ژنان له ژێر ئالای حکوومەتەکەی نەسرین بەملاوە هیچ پێناسەیەکی تری نیه .

من پێم وایه ئەم داخوازینامەیه نەك هەر تا سەرلاپەرە تیوریه بەڵکوو هەر به تیۆری دەمێنێتەوە و هەر به تیۆریش دەمرێت ، بەڵگەشم کوشتن و زیندەبەچاڵکردنی (سەنیعەی (سی و هەشت )ساڵەیه که له گوندی تەندوورەی سەر به ناحیەی قوشتەپەی شاری هەولێر به دەستی مێردەکەی بریندار دەکرێت و پێش ئەوەی گیانی دەربچێت زیندە بەچاڵ دەکرێت وبه یەکجاری چاوە پر له ئومێدەکانی له بینینی بالاکردنی هەرسێ کچۆڵەکانیدا د ەبرێت!! سەنیعه له شوێنێك زیندە بەچاڵ کرا تەنها چەند کیلۆ مەترێك دوورە له تەلاری ئەم پەرلەمانەی کۆنفرانسی داخوازینامەی ژنی کوردی تیا گیرا !! سەنیعه تەنها له بەر ئەوە خوێنی حەڵاڵ کرا که پیاوێك بەردێکی به دەرگایماڵیاندا داوە و مێردەکەی ئاگای لێ بووە ، من پاکانه بۆ ئەوە ناکەم ئایه سەنیعه پەیوەندی لەگەڵ کابرای بەردهاوێژ هەبووە یان نا ! ئێمه دەڵێین کوشتنی ژنان قەدەغەیه به هەر دەلیلێك بێت وە هیچ کەسێك بۆی نییه به بیانووی شەرەف دەستی بچێته خوێنی ژنان . دەبێت ئەوانەی (د.ژ.ك) یان تاو توێ کردووە ئەم خاڵەی داخوازینامەیان بیر چووبێتەوە که دەڵێ: کوشتنی ژنان به پاساوی پاراستنی شەرەف به تاوانی کوشتنی به مەبەست دابنرێت و ، پەناگا و پارێزگاری بۆ ئافرەتان و مناڵەکانیان دابین بکرێت ؟

دەبوایه هەر بۆ وەفا بۆ ئەم خاڵەتان نووزەیەکتان لێوە بهاتبایه و دەستتان له یەخەی بەڵێندەرانی ناو پەرلەمانی داوالێکراو گیر بکردایه و خەبەرتان بکردبانەوە تاوەکوو له ئاستی هەر( سێ ) کچۆڵه 2004/10/17دایك کوژراوەکانی سەنیعەدا شەرمەزار نەبوونایه و ئێوەش ئەم هەموو **کاغەز و مەرەکەب وکاتی خۆتان و ئێمەشتان به فیرۆ نەدابایه** !!